ڕێگریەکانی بەردەم پرۆسەی هاوسەرگیری

عەلی محەمەد

پرۆسەی ژنهێنان لە روانگەی ئایینەوە بە یەکێك لە گرێبەستە پیرۆزەکان دادەنرێت و، سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سەقامگیربوونە، دوا ساتی ژیانی سەڵتی وچوونە نێو دۆخێکەوە کە دەبێت هەست بە بەرپرسیارێتی بکەی.ئەم پرۆسەیە لە نێوان دوو رەگەزی جیاوازدا روو دەدات.بەر لەوەی بچینە نێوەڕۆکی بابەتەکەوە ،بابزانین رەگەز چییە؟

یەکەم جار وشەی رەگەز(فرانسۆ برنیە)لە ساڵی١٦٨٤دا ئەم ووشەیەی بە کار هێنا. بە هۆی تایبەتمەندی مارکسیەت ولێکۆڵینەوە رۆژئاوایەکانەوە لەم بارەوە بە زۆری رەگەز لە چوارچێوەی ئاستەنگی چینایەتیدا پێناسە دەکەن.لێرەدا دەبێت نیشانە بەو لایەنانەی کە فاکتەری سەرەکین لە ڕێگای هاوسەرێتی و مەسەلەی جووتبونی رەگەزەکاندا بە پێی بەو پەیمانەی کە پەیڕەو دەکرێت لە نێوان هەردوو رەگەزدا بکرێت،ئەویش لە چەند هۆکارێکدا خۆی دەبینێتەوە لەوانە(بێکاری،شەرم کردن،لووت بەرزی،لاوازی باری ئابووری ،بێ ئاگایی، ناهەمواری (یاس)یان دوودڵی(قلق) ،دەستێوەردانی کەس وکار).

لای هەمووان ئاشکرایە کە مەسەلەی بێکاری ئەو مێردەزمە گەورەیەیە کە ساڵانێکە توێژی گەنجان بە دەستیەوە دەناڵێنن.ئەو بیرۆکەیەی کە بەردەوام لە هەزری کەنجدا خول دەخوات،دۆزینەوەی سەرچاوەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی ژیان.چونکە گەنج ئەو بوونەوەرە بەرهەمهێنەریە کە رەوڕەوەی کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە ئەبات.توانای گۆڕانە سەرەتایی وهەنووکەیەکانی هەیە.هەر بۆیە لە ڕێگای گەل گەشتنیان بە قۆناغی گەنجێتی یان هەرزەیی بە زەقی رەنگدانەوەی لە ژیانی گونجاندا کە وەك پرانسیپێکی بە توانا بەدی دەکرێت وکۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم ئەنجامدانی پرۆسەیەکی لەو شێوەدا.فاکتەرێکی تر لەو بابەتانەی کە ڕێگرن لە ئەنجامدانی ژیانی هاوسەری(لووت بەرزی)یە.بۆ نموونە زۆرجار گەنج خۆی بە خاوەن پلە وپایەیەکی کۆمەلایەتی دەزانێت کە رەنگە ئەوە لە خۆباییبوونەوە ڕێگە نەدات کە لە گەل کەسێکی ئاساییدا گرێبەستی ژیانی هاوسەرگیری بە ئەنجام بگەیەنێت.لە هەمان کاتدا ئەو کەسە خاوەن کەسایەتی و توانایەکی زانستی باش بێت.بەلاّم لە بنەماڵەی فلان نییە بۆیە رازیبوون لە لایەن ئەوەوە زەحمەتە.ئەمەش زۆرجار روو ئەدات.

لاوازی باری ئابووری یەکێکە لە هەرە گرنگترین هۆکار کە رەنگدانەوەی تایبەتی هەیە لە سەر مەسەلەی هاوسەرگیری.رۆژهەلاتە ناوەڕاست یان بە شێوەیەکی فراوانتر گەنجان لە ولاتانی جیهانە سێیەمدا بە دەست ئەم هۆکارەو، دەناڵێنن.چەند ساڵێك بەر لە ئێستا بە لێشاو گەنجان رویان لە ولاتانی ئەورووپا ئەکرد بۆ زامنکردنی باری ئابوورییان.لە بەر ئەوە دڵنیابوون لەوەی کە ئاسۆیەکی ئابووری روون چاوەڕێیان ئەکات کە توانای دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ژیانی خۆیان وخێزانەکانیان دەکات.هەرچەندە مەسەلەی کۆچ کارێکی ئەکتیڤانەی وەها کە چاوەڕوانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای لێبکرێت.جگە لەو مەسەلەی کلتووری نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر ئەستەمە گونجانیان.بەلاّم توێژی گەنجان بۆ تێرکردنی لایەنی ماددییان سوودێکی باشیان لێبینی و دەبینن.بەڵگەیەك کە بتوانێت راستی ئەو مەسەلەیە بسەلێنێت ئەویش ئەوەیە گەنجان لە هەندەران دەگەڕانەوە یەکسەر هەوڵی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیان دەدا.کە لە پێشدا تاکو لە کوردستاندا بوو ،شتێك کە بیری لێنەکردبێتەوە ئەو گەنجە مەسەلەی هاوسەرگیری بوو.

هۆکارێکی دەروونی کە ڕێگری پرۆسەی هاوسەرگیرێتیە ئەویش رەفتاری بێ ئاگاییە.گەنج کاتێك کە خۆی دەبینێتەوە لەو تەمەنەدا کە خاوەن هێزو توانایەکی فراوان و لە رادەبەدەرە ،جۆرێك لە حاڵەتی دەروونی وای لادروست ئەبێت کە هەست بە هێزی شاراوەی ژیانی ناکات،کە ئەویش پیریە و بەردەوام چاوەڕوانی توێژی گەنجان دەکات.ئەم بڕوا بە خۆبوونە زیاتر رووەو هەڵەتی خۆفەرزکردنی ئەبات.بۆ نموونە گەنجێك لە ولاتانی ئەورووپا تاوەکو تەمەنێکی ٣٠ ساڵ بەرەو سەرەوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەجام نادات و لە کاتێکدا هەڵدەستێت بەم کارە ترسی مەگ تەنگیان پێ هەڵدەچنێ هەر بۆیە بۆ بەرنگاری کردنی ئەو ترسە هەڵدەستێ بە بەستنی پەیمانی هاوسەربوون لە گەل رەگەزی بەامبەردا ،ئەوەك لێشاوی پیری وای لێبکات چیتر توانای بەخێو کردنی خۆیشی نەمێنێ.

هۆکارێکی تری دەروونی کە ڕێگرە لە بەردەم ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریدا ،کردارە دەروونیەکانی وەك(دوودڵی وناهەمواریيە).چەند جار ئەو پەندەمان بەرگوێ وبەر چاو دەکەوێت کە دەڵێ(الزواج یعنی الاستقرار)واتە پرۆسەی هاوسەرێتی مانای جێگیربوونە.تاکە چەکێك کە بۆ قەلاچۆکردنی ئەم نەخۆشییە دەروونیانە بەکار دێت، ئەنجامدانی پرۆسەی ژنهێنانە.چونکە لەو کاتەدا کەسێك هەیە کە یارمەتیدەرتە لە چارەسەرکردنی کێشەکانتدا هەست دەکەیت کە ئەو کەسە جێگای متمانەی تۆیە هەر بۆیە بەئاسانی باسی دڵی خۆت و کێشەکانتی لە لا ئەکەیت.لە بەرامبەردا ئەو کەسەش بە دڵسۆزییەوە گوێ رایەڵێی بۆ باس و کیشەکانت دەکات و هاوکاریت ئەکات.

دوا هۆکار کە بە شێوەیەکی زۆرو بەربڵاو دەبینرێ کە کاریگەری تەواوی هەیە لە سەر ژیانی گەنجان ئەویش دەستێوەردانی خزم وکەس و کارە لە مەسەلەی زەواجدا.بۆ نموونە نابێت ئەو کچە بدرێت بەو کوڕە ،ئەمە بڕیارێکە کە رەشبینانە زۆر جارلە لایەنی کەسانی کچەوە بە بێ رەزامەندی کچەکە دەسەپێنرێ بە سەریدا.یاز نابێت لە خێزانی کوڕە ژن بهێنێت،چونکە ئاستی خێزانی ئەمیان نییە.چەندین بابەتی تری لەو جۆرە کە کۆتایی سیناریۆکە بە خۆکوشتن و خۆسوتاندن و سەرهەڵگرتن دێت.

دوا قسە:

پێویستە لە سەر ڕێکخراوە حزبی و مەدەنیەکان کە گرنگی تەواو بە توێژی گەنجان بدەن،چونکە خۆیان خاوەن گرنگترین دەستکەوتەکانی کۆمەڵگەن.ئەو گرنگیدانە لە ڕێگای هێنانە دی خواستە رەواکانی بە دابین کردنی کارو کردنەوەی دەزگای تایبەت بە خودی گەنجان و بەرەودان بە بەهرەو توانا لەبن نەهاتوەکانیان و کردنەوەی خولە جیاجیاکان و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ورۆشنبیری گەنج،تاوەکو چیتر نەبنە قوربانی داب ونەرێتە کۆن و داتەپیوەکان.پێویستە جێگای تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە دەروونی و کۆمەلایەتیەکانی گەنجان و سەنتەری لێکۆڵینەوە لە کێشەی گەنج بکرێتەوە ،لە جێگا جیاجیاکانی هەرێمەکەماندا.نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی کە بەهاوکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری.هەستان بە دابینکردنی بڕی (٧٥٠,٠٠٠)دینار بۆ هەر گەنجێك کە بیەوێت ژن بهێنێت،سەرەتا ئەم بڕیارە تەنها ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە تەمەنی لە خوار ٣٠ ساڵەوە بوون.کە لە ١٣/٤/٢٠٠٥ بە پێی بڕیاری١٨٦ دەرچووە.

بەلاّم بە دوای هەوڵێکی دەستەی هاوکاری گەنجان وپێشکەشکردنی پرۆژەیەك بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی ودوای بە تەنگەوە هاتن وهەوڵی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی دارایی کە بڕیاری١١٢٣٩ لە٢٧/٧/٢٠٠٥ دەرکرد کە تایبەتە بە سلفەی زەواج بۆ هاوڵاتیانی سنووری دەسەلاتی.بە مەبەستی هاوکاری کردن وئاسانکاری بۆ پێکەوە نانی خێزان.کە تێیدا بڕیار درا چاوپۆشی بکرێت لە بڕگەی تەمەن لە پێدانی سلفەی زەواجدا.کە ئەمەش جێگای دەستخۆشییە. شایانی باسە بریاری سلفەی زەواج لە هەرێمی کوردستاندا بە هەردوو ئیدارەکەوە سەرەتای نموونەیەکە بۆ عێراقی فیدراڵ.

لێگەڕێن با کچان و کوڕان خۆییان بڕیاربدەن

دلێر محەمەد ئەحمەد

دەمەوێت مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و هەستیار و بکەمە هەوێنی ئەم باسە کە ئەویش مەسەلەی هاوسەرگیریە. قۆناغی ژیانی هاوسەرێتی قۆناغێکی حەتمیە کە زۆربەی ئادەمێزاد بەم قۆناغەدا تێپەڕن . گومانیش لەو دا نییە کە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەش ماوەیەکی زۆرە بەدەستی هەندێ لەداب و نەریتە چەوتەکانەوە ئالاندوێتی وەك دیاردەی گەورە بە بچووك و دیاردەی ژن بەژن کەزۆربەی ئەم دیاردانە ئەنجامی نیگەتیف لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر زیاتر بچینە ناوەڕۆکی باسەکەمانەوە قسەکردنە لەسەر شێوازی چۆنێتە هەڵبژاردنی هاوسەری گونجاوە. باوك یان دایك ئەگەر چی دووکەسی پیرۆزن بەلاّم هەندێ جار بە جۆرە بڕیارێك چارەنووسی نەوەکانی دوای خۆیان دەبەن بەرەو جیهانێکی نادیار. ئەویش بڕیاردانە لەسەر هەڵبژاردنی کەسێکە وەك هاوسەر ئەگەر بۆ کوڕیان بێت یاز کچیان بێت.

کچان ئەگەر بڵێن زیاتر بوونە تە قوربانی ئەم جۆرە مەسەلانە ئەمەیان شتێکی ڕاستە چونکە تاڕادەیەکی کوڕان ئازادیان پێ دراوە لەمەسەلەی هەڵبژاردنی هاوسەرێتیدا. بەلاّم کچان ئەم مافە هەر بوونی نییە. تێڕوانینی هەندێ لەباوکان وای بۆ دەچێ کە خۆیان زیاتر ژیاون و ئەزمونیان زۆرترە لە ژیان بەومانایەی کە زۆرتر و چاکتر دەزانن کە ڕاستی ئەمەش وانییە چونکە ئەمە مانای ئەوە نییە هەرکەس زیاتر بژێت زیاتر دەزانی . ئیتر بەهەر جۆرێك بێت باوکان دەسەلاتی خۆیان سەپاندوە تەسەر ڕۆڵەکانیان چۆن لە جیهاندا چەند دەوڵەتێکی زلهێز خۆیان سەپاندوە تەسەر زۆربەی وولاتاندا لە خودی خێ زانیشدا بەهەمان شێوەیە. بەبۆچوونی من بەم جۆرە مەسەلانە پێویستی بە گفتوگۆی نێوان ئەندامانی خێزانەوە هەیە نەك تاکەکەسێك بڕیاری لەسەربدات کە بەرژەوەندی خۆی تێدا بن. زۆرجاریش کوڕان یان کچان دەبنە قوربانی کێشمەکێشی نێوان دایك وباوك چونکە هەر یەکە لەوانەدەیان وێت کەسێکی نزیك بە خۆیان هەڵبژێرن بۆ ڕۆڵەکانیان ئیتر ئەمە تاچەند ڕەددەکرێتەوە ئەوان گوێیان لەوە نییە جا ئیتر کچان بەتایبەتی ئەگەر بۆ چونێکی جیاوازیان هەبێت لەم مەسەلەیەدا. وەك ئەوەی بڵێن کەسیمان خۆش دەوێت دەوێت ئەو بکەمە هاوسەری خۆم حاڵەتەکە دەگاتە توندوتیژن مەگەر بەدەگمەن خێزانی هەبێت ئازادی وای تێدا بێت . ئەم قەیرانە سەختە بەتەنها کوڕوکچی ماڵەوەی نەگرتیتەوە. بەڵکو دەرچوانن زانکۆ و پەیمانگاکانیش بەهەمان شێوە بۆ نەتەقوربانی ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر ئەجارەیان لەسەر کوڕانیش قسە بکەین کوڕان ناتوانن ڕاشکاوانە بڕیاری خۆیان بدەن چونکە لەماوەی سیاڵانی ڕابردوودا . سەرقاڵی کاری خوێندن بوونە نەیانتوانیوە پارەیەکی ئەو تۆ پەیدا بکەن کە ئێستا خۆیان بڕیاری لەسەر ژیانی خۆیان بدەن ناچار دەبێت بگەڕێنەوە بۆلای باوك چونکە باوك خاون گیرفانە بڕیارەکان لەدەستی ئەودایە. ئیتر تۆ هەرچیەکت بۆێت هەرچیەکت پێ باش بێت هەرچەند زیاتر و ڕاست لەمەسەلەکان بگەیێن هیچی زیاتر ناکرێت. ئەمە جگەلەوەی کە جوانترین وشە ناسك ترین وشە بەبەرچاوی خودی مرۆڤەکانەوە زیندە بەچاڵ دەکرێت کە ئەویش خۆشەویستی یە. کە پانتایەکی زۆر لە ڕۆحی مرۆڤدا داگیرکردوە. بەهەرحاڵ ئێمەش نەبینە ژیان هەردێت و دەڕوات بەلاّم هەر نەبێ داگیرسانی پشکۆی زێڕینی ژیانی هاوسەری تاڕادەیەك لە دەستی ئێمەدا یە

فشەی کوڕو کچ وەك فشەی هەوای ناو بۆڕی ئاو وایە

سروە جەوهەر

قسەیەکی باو هەیە کە دەڵێت(فشەی کوڕوکچ بەر لە چونە کەژاوەی هاوسەری وەك هاژەی هەوای پڕ بلقە ئاوی ناو لوولەی بەلوعە وایە بەر لەوەی ئاو بێت.یان پەیوەندی نێوان دوو دڵداری تامەزرۆی بە لە هاوسەری،وەك شۆڕش،کە دواجار سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ ئەو شۆڕشە و کۆتایی بە خەباتی چەکداری دێت،بەشێکی زۆری ئەو گەڕو تینە نامێنێ،کە لە شاخ بە خەڵکیان دەفرۆشت،یان نوکتەیەکی هەیە زۆر جار گوێمان لێ بووە کە گوایە ژن وپیاوێك لە شەوی بە هاوسەربوون لە سەربان دەخەون ژنەکە بە پیاوەکە دەڵێت گوڵەکەم ئەمە چیە لە سەر سەرمانەوە؟ مەبەستی مانگە ،پیاوەکەش پێی دەڵێت خۆشەویستەکەم ئەوە چاوی تۆیە،پاش ماوەیەکی دوورودرێژ، پاش منالبوون و شەو نەخەوتن و ئازاری کارکردن و هیلاکی رۆژانە پیاوەکە هەست بە هیلاکی و بێزاری دەکات،شەوێکیان هەر لە سەربان دەخەون ژنەکە دووبارە بە پیاوەکە دەڵێت، ئازیزەکەم ئەوە چییە؟پیاوەکە دەڵێت ئێ خۆ کوێرنیت ژنەکە ئەی نازانی ئەوە مانگە؟؟ قابیلە چاوی تۆ بێت؟؟

جا خوێنەری خۆشەویست گوتە شتێکە و کردار شتێکی ترە،ئەوانەی کە ئەزموونیان هەیە بەردەوام ئامۆژگاریمان دەکەن،ئێمە بێ سێ ودوو پێیان دەڵێین:ئەیانەوێ بە عەقلی وێنێ هەڵمان سووڕێنن، کاتێ ئەو کچ و کوڕ یان ئەو ژن و پیاوە دێنە ئەرزی واقیع تەواوی شتەکان گۆڕانیان دێت و دەیان کەند وکۆسپ دێتە ڕێگایان کە هەرگیز چاوەڕوانیان نەدەکرد ،کە رەنگە ئەم پرۆسەیە هەر شەمەندەفەرەکە بە ئاقارێکی خراپدا بڕوات ،کە دوا جار خێزانێك بەرهەم دێت پڕ بێت لە شەڕو ئاژاوەو قسەی ناخۆش و لێدان و جنێو ،رەنگە دواوێستگەش بە تیرۆر کۆتایی بێت...

هۆکارە پاڵنەرەکانی خولقانی ئەم رەوشە زۆرن،لێك تێنەگەیشتن و خوێندنەوەی ناواقعی و سەرپێی بۆ پێکەوە ژیانی ژن و مێردو جیاوازی لە بیروڕایان و خوێندنەوەیان بۆ شتەکانی دەوروبەریان و تەداخولکردنی لایەنی سێیەم و گەورە کردنەوەی کێشە بچوکەکان ودواجار نەبوونی گفتوگۆیەکی دروست بۆ چارەسەرو لێك گەیشتن لە سەر کێشە هەنووکەییەکانی نێوانیان.لە گەل ئەوانەشدا من پێم وایە(ئیرەیی)پانتاییەکی فراوانی لە دروستبوونی کێشەکان داگیرکردوە.لەم باسەدا تیشکی زیاتر دەخەینە سەر (ئیرەیی) ،چونکە پێم وایە ئەم پەتایە بە شێوەیەکی بەر بڵاو لە خێزان و کۆمەڵگای ئێمەدا هەستی پێ دەکرێت،هۆکاربووە بۆ لێك هەڵوەشان و پەرتەوازەبوونی دەیان خێزان.

ئەم پەتایە رێژەیەکی بەر چاوی ژنان وکچان دەگرێتەوە ،رەنگە پرسیار بکرێت بۆچی؟

لەوانەیە بۆئەوە بگەڕێتەوە ژنان بە هۆی داخراوییان و سنوردارکردنی جموجوڵیان لە چەند کردارێکی دیاریکراودا ئاستی هۆشیاریان بە پێی پێویست نەبێت..بۆیە بە دوای شتێکدا دەگەڕێن کە خۆیانی پێ سەرقاڵ بکەن.

ئەم دەردە کوشندەیە یاخود ئەم ڤایرۆسە دوو جۆریان هەیە.

جۆری یەکەمی:(ئیرەیی)ژنان کە بەرامبەر مێردەکانیان دەکەن،لەو پەڕی خۆشەویستیەوە ،ژنێك پیاوەکەی زۆر خۆشدەوێت و گومانی لێ هەیە وبە دوای میکانیزمێك دەگەڕێت بۆ پاراستنی ئەو کیانەی کە رەنگە بەرەزامەندی هەردوو لاپێکهێنرابێت.لەم بارەدا ژنەکە دووچاری گرێی دەروونی دەبێت،هەوڵ دەدات پیاوەکەی کۆنترۆڵ بکات و چاودێری وردی بکات،دەیەوێت کلیلی ژیانی پیاوەکە تەسلیمی ئەو بکرێت؟! لەم ڕێگایەوە بە قەوڵی خۆی هەوڵی پاراستنی خێزانەکەی دەدات و ڕێگا لە پەرتەوازەبوونی منداڵەکانی دەگرێت وسنوورێك بۆ چاوباشقاڵی پیاوەکەی دادەنێت.

من پێم وایە ژن لەم بارەدا مافی خۆیەتی بەدواداچون بۆ گومانەکانی بکات وبە رەهایی ڕێگا بە پیاوەکەی نەدات لە پێش ئەوەوە تەنانەت بیر لە پەیوەندی بەناوی خۆشەویستیەوە بکاتەوە، نەخوازە ئەنجامی بدات.

ئەگەر ئەم خێزانە بەرەزامەندی هەردولایان پێچەوانەش هاتە کایەوە ،مافی هیچ کامیان نییە ناپاکی لە یەکتر بکەن.بەلاّم دوای ئەوەی ئاکامەکە بەجیابوونەوە کۆتایی هات هەردوو لایان مافی سروشتی خۆیانە جارێکی تر بڕیار بدەن کە بەو شێوەی کە مەبەستیانە.

بەلاّم بەو فۆرمەی کە ژن ئەیەوێت بە توندوتیژی و هەراو هۆسە لە دەرەوەی دیالۆگ وعەقڵ و مەنتیق مامەڵە لە گەل رووداوەکەدا بکات و پیاوەکە والی بکات ناچاربێت،خراپە و ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە.

کاتێ کێشەکان گەیشتنە ئەو رادەیەی کە بە لێدانی چەند جارە دروست بێت.جیابوونەوە چارەسەرێکی گونجاوە چونکە ژیانی هاوسەری بەوەوە جوانە ریز لە یەکتر بگرن و هەستی یەکتر بریندار نەکەن،بۆ پیاویش بە هەمان شێوە رەنگ گومان وئیرەیەکەی لە بەر ئەنجامی خۆشەویستی بۆ ژنەکەی دێت،بەلاّم ئیرەیەکە تەنها گومانێکی هاکەزایی نەبێت کە لە خۆڕا یێی راگەیاندبێت و هیچ بنەمایەکی نەبێت.

جۆری دووەم:ئیرەیی زیاتر پیاوان دەگرێتەوە ،ئەم ئیرەییەش لە دڵ پیسی یەوە سەرچاوە ئەگرێت،قسەیەکی کوردی زۆر جوان هەیە کە دەڵێت(لە دزان وابێت هەموو کەس دزە لە حیزان وابێ هەموو کەس حیزە) ،رەنگە ئەو پیاوە لە قۆناخی گەنجێتی خۆیدابێ، بە دەیان کچی رابواردبێ و قۆڵی دەیانی تری بڕیبێ ودەیان فشەی بۆ ریز کردبێ،رەنگە لە مێشکی خۆیدا وای لێکبدەتەوە ،ئەوەتا من دەیان کچم هەڵخەڵەتاندوە ،رێی تێدەچی ئەویش لە لایەن کوڕێکی ترەوە وای لێکرابێت.

ئەم بیرە پیسە ،بۆنی پیس بەرهەم دەهێنێ و چارەنووسی ژیانی هاوسەری بە ئاراستەیەکی خراپیدا ئەبات.هەر بۆیە بەردەوام لە هەوڵی کۆنترۆڵکردن وبەر تەسککردنەوەی زیاتری جموجوڵی خێزانەکەی دەبێت،تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی رازی نابێت ژنەکەی زۆر بە سەردانیش بچێتە ماڵی باوکی،چونکە گومانی ئەوەی لێدەکات نەبادا دڵدارە کۆنەکەی ببینێ و مەرحەبای بکات!!ئەم دڵپیسی و ئیرەییە پیاو ژیانی ئەوژنە داماوە لە ترسی جیابوونەوەدا دەکاتە دۆزەخ و هەموو خۆشی و ئازادیەکی لێ زەوت ئەکات،خراپتریش ئەوەیە کە منالیان هەبێت ،چونکە ئەو حاڵەتە کاریگەری ئەکاتە سەر منالەکەیان.

بۆ ئەوەی خێزانەکان تووشی ئەم رەوشە نەبن،پێویستە لێبووردن لە نێوانیاندا هەبێ و راستگۆ بن لە گەل یەکترداو هەوڵی گەڕانەوەی خۆشی وکامەرانی بدەن بۆ نێو خێزان ئەوەش تەنیا بە لێك تێگەیشتن و دیالۆگی هێمنانە ڕێگا گرتن لە کەمتەرخەمی و کەسە سێیەم بۆ هەر چەشنە دەستێوەردانێك ئەبێت

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com